# باشترین جۆری نوسوكی حەج

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ أفضل أنواع النسك ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# باشترین جۆری نوسوکی حەج

**پرسیار :** ئایا چ جۆرە نوسوکێك باشترە لەجۆرەکانی تری نوسوك بۆ ئیحرام بەستن ؟

**وەڵام :** شافعییەکان ئیفراد و تەمەتوعیان پێ باشترە لە (قِران)، حەنەفیەکانیش (قِران) یان پێ باشترە لە هەموو نوسوکەکانی تر، مالیکیەکانیش ئیفرادیان پی باشترە لە تەمەتوع، و حەنابلەکانیش (تەمەتوع ) یان بەلاوە خێرتر و باشترە لەهەموو جۆرەکانی تری نوسوك، و ەسەحیحیش ئەوەیە کە نوسوکی ( تەمەتوع ) لەهەموو جۆرەکانی تر باشتر و ئەفزەڵ ترە، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەی کە وارد بووە :

عن جَابِرِ بن عبد اللَّهِ رضي الله عنهما قال أَهْلَلْنَا مع رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) بِالْحَجِّ فلما قَدِمْنَا مَكَّةَ أَمَرَنَا أَنْ نَحِلَّ وَنَجْعَلَهَا عُمْرَةً فَكَبُرَ ذلك عَلَيْنَا وَضَاقَتْ بِهِ صُدُورُنَا فَبَلَغَ ذلك النبي (صلى الله

عليه وسلم)  فما نَدْري أشَـيْءٌ بَلَغَهُ من السَّمَاءِ أمْ شَـيْءٌ من قِبَلِ الناس فقال أيُّهَا الناس أحِلُّوا فَلَوْلَا الْهَدْيُ الذي مَعِي فَعَلْتُ كما فَعَلْتُمْ قال فَأحْلَلْنَا حتى وَطِئْنَا النِّسَاءَ وَفَعَلْنَا ما يَفْعَلُ الْحَلَالُ حتى إذا كان يَوْمُ التَّرْوِيَةِ وَجَعَلْنَا مَكَّةَ بِظَهْرٍ أهْلَلْنَا بِالْحَجِّ .{ رواه البخاري (١٥٢٦) و مسلم (١١ / ١١٨١)} .

واته : جابیری کوڕی عەبدوڵڵا (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ: لەگەڵ پێغەرمبەردا ئیحراممان بە حەج بەست ئەنجا کە گەیشتینە مەککە فەرمانی پێکردین ئیحرامەکەمان بشکێنین و بە عومرە ئیحرام ببەستین ئەمە گران بوو بەلامانەوە و قورس بوو لەسەر دڵمان جا ئەمە گەیشتەوە پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم)  جا نازانین ئەمە شتێك بوو لە ئاسمانەوە پێی گەیشت یان لەلایەن خەڵکەوە پێی گەیشت فەرمووی : ئەی خەڵکینە ئیحرام بشکێنن ئەگەر لەبەر ئەو ئاژەڵی قوربانیان نەبوایە کە لەگەڵ خۆم هێناومە منیش وەك ئێوەم دەکرد،جابیر دەڵێ: جا ئێمەش ئیحراممان شکاند هەتا ڕەفاقەتی

هاوسەرەکانیشمان کرد کەسێ لە ئیحرام دا نەبێ چی دەکات ئێمەش کردمان تا رۆژی تەرْوویە مەککەمان خستە پشتمانەوە وئیحرامامان بە حەج بەست .

خوای گەورەش لەهەمووان زانا وشارەزاترە .